بەش کوردی

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

زانکۆی سەڵاحەددین

بابەت : مێژووی ئەدەب

ناوی مامۆستا: د.ئومێد عزیز مصطفی

ساڵی خوێندن:  ٢٠٢٣-٢٠٢٤

قۆناغی یەکەم- کۆرسی یەکەم

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | کۆرسی ساڵانە وەرزیی |
| ٢. ناوی مامۆستای وانەبێژ | د.ئومێد عزیزمستەفا |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی کوردی –بەیانیان |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: umed.Mstafa@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن (٠٧٥٠٢٤٢٥٤٠٥): |
| ٥. یەکەی خوێندن لەهەفتەیەک | تیۆری: ٣ کاتژمێر بۆ هەرگروپێک<br>پراکتیک: راپۆرت نوسین |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا (٦) کاتژمێرە. |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | بڕوانامەی دبلۆم: پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر، بەشی کوردی،٢٠٠١<br>بڕوانامەی بەکالۆریۆس: زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر، کۆلێژی پەروەردە ، بەشی کوردی، ٢٠٠٧<br>بڕوانامەی ماستەر: زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی پەروەردە، بەشی کوردی، ٢٠١٤<br>بڕوانامەی دکتۆرا: زانکۆی کوردستان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان،بەشی زمان وئەدەبی فارسی، ٢٠٢١<br>ساڵی دامەزراندن: ٢٠٠١<br>خزمەت لەزانکۆ: لە (٢٠٠٩)وە تا ئێستا<br>نازناوی زانستی: مامۆستا |
| ٩. وشە سەرەکیەکان | ئەدەب، مێژووی ئەدەب، ئەدەبی نووسراو، ئەدەبی نەنووسراو،شیعرکۆنترە یان پەخشان،دیاریکردنی مێژووی شیعری کورردی شاعیرانی دیالێکتی لور،شاعیرانی دیالێکتی کرمانجی سەروو،دیالێکتی گۆران،کرمانجی خواروو.روخسار، ناوەڕۆک. |

١٠. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:

- گرنگی خوێندنی کۆرسەکە (بابەتەکە)
- تێگەیشتنی چەمکی سەرەکی کۆرسەکە
- بنەما وبیردۆزی کۆرسەکە
- زانینی تەواو بە لایەنە گرنگیەکانی بابەتەکە
- زانین وتێگەیشتنی پێویست بۆ بابەتەکەو ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە

گرنگیی خوێندنی ئەم کۆرسە لەوەدا دەردەکەوێت،کەقوتابیان ئاشنای لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەدەبی دەکرێن ودەتوانن هەموو ئەو بابەتانەی لەچوارچێوەی مێژووی ئەدەبیدا هەن بیانناسنەوەو شارەزایی تەواو لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەکەیان پەیدابکەن و سەرەتای مێژووی شیعری کوردی و ئەدەبی نووسراوی نەتەوەکەیان بزانن،کە خاوەن مێژوو یەکی دوورو درێژی تایبەت بەخۆیەتی.

**١١. ئامانجەکانی کۆرس:** پرۆگرامی وانەی مێژووی ئەدەب بریتییە لە باسکردنی ئەدەب و مێژووەکەی وەکو بنەمایەکی سەرەکی بۆ ئەدەبی نەتەوەکەی و ئاگاداربوونی لەمێژووی پەیدابوونی ئەدەبی نووسراوی گەلەکەی و هەموو ئەو بابەتانەی کەدەکەونە چوارچێوەی ئەم بابەتەوە، لەگەڵ هەموو ئەو بابەتانەی کەپەیوەندیان بەیەکەوەهەیە. قوتابیان لە بەشی لەبەشی زمان و ئەدەبی کوردیدا، پێویستە شارەزاییان هەبێ لەسەرجەم بوارەکانی ئەدەب بەگشتی و بەتایبەتی مێژووی ئەدەبی نووسراوی نەتەوەکەیان،بۆ ئەمەش دەبێت شارەزایی تەواویان هەبێت لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدان و پەیدابوونی شیعرو پەخشان و کامیان پێش کامیان پەیدابووەو جیاوازی نێوانیان چییەو جۆرو بەشەکانیان کامانەن، هەروەها سەرەتای مێژووی شیعری نەتەوەکەیان لەکوێ و لەکەیەوە دەستی پێ کردووەو یەکەم دیالێکت کامانەیە کە دەقی شیعری کوردی پێنووسراوەو بەپێی دیالیکتەکان چۆن پۆلێن کراوە،هەروەها ڕۆڵی میرنشینەکان چۆن بووە بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی ئەدەبی نەتەوەکەیان و خستنەڕووی هونەرەکانی شیعرو سەرجەم رووخسارو ناوەڕۆک و تایبەتمەندیەکانی شیعری شاعیرانی کۆنی ئەدەبی نەتەوەکەیان. ئەمە لە رێگای ئەم وانەیەو پرۆگرامەکانی وانەکە، کەلێنی زانیارییەکانیان لەم بوارەدا زیاد دەکات و ژێرخانێکی ئەدەبی باشیان بۆ فەراهەم دەبێت. ئەم بابەتە کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر قوتابی، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی زیاتر بکات بۆ ئەدەب و جۆرەکانی ئەدەب و سەرجەم ژانرەکانی ئەدەب هونەرەکانی.ئەمانەش بەیەکەوە دەبێتە هۆی فراوان کردنی مەجراو بیرو هۆشی قوتابیان بۆ بەدەست هێنانی ئاستێکی بەرزترو چوونە ناو قۆناغێکی تر لەخوێندن و فێربوونیاندا.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی**

پێویستە قوتابی لە چالاکیی و بەشداری نێو پۆل لەتێکرای ساڵی خوێندن، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: (ئامادەبوون و پابەندبوون، سمیناری ماوە کورت سەبارەت بەچەمکێکی تایبەت لەنێو بەرنامەی داواکراو ، خوێندنەوەی پەرتووکی پەیوەست بەباتەکەو نمایشکردنی پوختەیەکی لەماوەی (٥) خولەکدا لەپۆل ، ئامادەیی بۆ تاقیکردنەوەی ماوە کورت و لەناکاو، بەشداری لە راڤەی بابەتەکە لە نێو پۆلدا، سەرەڕای ئەمانەش ئەنجامدانی راپۆرتێکی پۆلی تایبەت بە بابەتەکە لەدەدەبی کوردیدا.

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

لەم وانەیەدا چەندین شێواز بەکاردەهێنری بۆ گەیشتن بەئامانجەکان و گەیاندنی زانیارییەکان بۆ قوتابیان وەکو رێگای ئامادەکاری، کە تیایدا بابەتەکان بە قوتابیان دەدرێ لەگەڵ بەکارهێنانی چەند رێگایەکی دیکەی وەکو رێگای گفتوگۆ و پرسیار و وەڵام لەپێناو دەوڵەمەند کردنی بابەتەکەو باشتر گەیاندنی زانیارییەکان. بەکارهێنانی هەریەک لەم شێوازانەش بەپێی سروشتی بابەتی وانەکەو بوونی سەرچاوەو هۆکاری پێویستی لەبەردەستدابوو دەگۆڕێ.

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

یەکەم: لە (٤٠%)ی نمرەکان، تایبەتە بە کۆششی ساڵانەی قوتابی، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:

١. لە ١٥% تاقیکردنەوەی یەکەم
٢. لە ١٥% تاقیکردنەوەی دووەم
٣. لە ١٠% چالاکیی و بەشداری نێو پۆل لەتێکڕای ساڵی خوێندن، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: (ئامادەکردنی ڕاپۆرت و پێشکەشکردنی لەناو پۆلدا، خوێندنەوەی پەرتووکی پەیوەست بەباتەکەو نمایشکردنی پوختەیەکی لەماوەی (٥) خولەکدا لەپۆل ، ئامادەیی بۆ تاقیکردنەوەی ماوە کورت و لەناکاو، بەشداری لە ڕاڤەی بابەتەکە لە ناو پۆلدا) دووەم: لە (٦٠%)ی نمرەکان، تایبەتە بە تاقیکردنەوەی ناوەندی کۆتایی ساڵ، کە کاتی دیاریکردن و دەستپێکردنی لەکاتی خۆی دیاری دەکرێت.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

قوتابیانی بەڕێز..

وەرگرتنی ئەم کۆرسە بەتەواوی لەلایەن بەڕێزتانەوە، بەو مەرجەی ئامادەیی و پابەندیی تەواوت هەبێت لەگەڵیدا، هەروەها بەسەرنجەوە بەشداری تێدا بکەیت و بەدواداچوونت هەبێت بۆ سەرچاوەکانی، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەچەند لایەنێکەوە گەشە دەکەیت وسوودێکی زۆر وەردەگریت، کە بریتین لەم لایەن و بوارانەی ژیانت:

یەکەم: ئەم کۆرسە زانیاری و چەمک و زاراوەیەکی زۆرت پێ ئاشنا دەکات سەبارەت بە مێژووی ئەدەب.

دووەم: شارەزابوون لە سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی ئەدەبی نەتەوەکەت و چۆنیەتی گەشەسەندنی ئەدەبی نووسراو پۆلێنکردنی بەگوێرەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، ئەمەش دەبێتە هۆی وەرچەرخانێک لە زانست و زانیاریتان لەبارەی ئەدەبی نەتەوەکەتانەوە.

سێیەم: توانایەکی باشت پێدەبەخشێت بۆ بەشداریکردن و هەوڵدانت بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و گەڕان بەدوای سەرچاوە بنەڕەتیەکان لە بارەی ئەدەب و مێژووی ئەدەبی نەتەوایەتیەوە.

**١٦. لیستی سەرچاوە**


١- مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار، بەرگی یەکەم- حەوتەم.
٢- مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی.
٣- شیعروئەدەبی کوردی، ڕەفیق حیلمی.
٤- مێژووی بەیهەقی(تأریخ بهقی)، محمد حوسینی.
٥- تاریخ ادبیات کردی، عزەدین مستەفا ڕەسول.
٦- تاریخ ادبیات فارسی،بدیع الزمان.
٧- تاریخ سلیمانی، محمد امین زەکی.
٨- قصە الادب فی العالم، ئەحمەد ئەمین و نەجیب محمود.
٩- -الادب الشعبی،احمدرشدی صالح،القاهرة،١٩٧١م.
١٠-اشکال التعبیر في الادب الشعبی،نبیلة ابراهیم، دار نهضة مصرللطبع و النشر، القاهرة.
١١-الفولکلور، قضایاه وتأریخ، یوری سوکولوف،ت:حلمی شعراوی و عبدالحمید حواس، مصر،١٩٧١م.
١٢ -قاموس مصطلحات الأثنولوجیاو الفولکلور
١٣-الواقعیة في الدب الکردی، عزالدین مصطفی رسول،بیروت،١٩٦٦.
١٤ - فولکلور و تاریخ کرد، اسماعیل شمس، کتابانە تخصص ادبیات، قم، ایران، ١٣٩٣
١٥ -مشاهیر الکرد وکردستان، محمد امین زەکی بەگ،١٩٧٨.
١٦ -عشائر العراق الکردیە، عباس عزاوی.١٩٨٧.
١٧ -دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی(باباتاهیر، مەولەوی، مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، نالی، سالم، کوردی).
١٨ -گۆڤارە کوردیەکان(گلاوێژ، هاوار، دەنگی گێتی تازە، دیاری کوردستان و ...)

١٩ -رۆڤار،یەکەمین چراوگی شیعری کوردی،مارف خەزنەدار
٢٠ -رۆژنامەکوردیەکان بەگشتی.(رۆژی نوێ، برایەتی، کوردستانی نوێ،کوردستان وهەولێرو...)
٢١ - کۆیەو شاعیران،کریم شارەزا.٢٠٠٧
٢٢ - کۆمەڵەی شاعیرانی کورد،عبدالکریم مکزی،١٩٩٤.

**١٧. بابەتەکان**

**حەفتەی یەکەم: ئەدەب چییە، چەند پێناسەیەکی ئەدەب و مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەب.**

**حەفتەی دووەم: سوودەکانی مێژووی ئەدەب و سەرەتاکانی ئەدەب أ-پێش مێژوو.** -
**تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغە.**

**حەفتەی سێیەم:- ب- پاش مێژوو:١-ئەدەبی ئەرکیۆلۆجی:أ-سۆمەری ب-میسری**

-

**حەفتەی چوارەم٢- ئەدەبی تۆمارکراو: أ_ کتێبەئاپینیەکان(ئاسمانی ونائاسمانی).**

**حەفتەی پێنجەم: ب- ئەدەبی سەربەخۆ: (ئەدەبی گریکی،لاتینی، هیندی، چینی، عەرەبی، فارسی، تورکی و کوردی و...).**

**حەفتەی شەشەم: : سەرەتاکانی مێژووی ئەدەبی کوردی:**

**ئەدەبی نەنووسراو(زارەکی)فۆلکلۆر- میللی.**

**٢-ئەدەبی نووسراو:(پەخشان و شیعر)**
**حەفتەی حەفتەم: --شیعری کلاسیکی کوردی (رووخسارو ناوەرۆک):( لور، گۆران،کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو)دیالێکتی لوڕ- باباتاهیر**

**حەفتەی هەشتەم: -دیالێکتی گۆران – مەولەوی**

**حەفتەی نۆیەم: - دیالێکتی کرمانجی سەروو – مەلای جزیری ، احمدی خانی**

**حەفتەی دەیەم: --دیالێکتی کرمانجی خواروو – نالی، سالم و کوردی**

**١٨. بابەتی پراکتیک (ڕاپۆرت نووسین)**

**١٩. تاقیکردنەوەکان**

**چەند نموونەیەک لە پرسیارەکان، کە شێوەی داڕشتن و وەلامی کورت و شیکردنەوە و هەڵبژاردن و نووسینی وتاری لەخۆ دەگرن:**

١- پێناسەی ئەدەب بکەو سودەکانی مێژووی ئەدەب بژمێرە.
٢- بەکورتی سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی ئەدەب باس بکە.
٣- سەرەتای دیاریکردنی مێژووی شیعری کوردی دەگەڕێتەوە بۆ(دیالێکتی گۆران، لوڕ،کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو).
٤- شیعر کۆنترە یان پەخشان؟بۆچوونەکان بنووسە.
٥- تایبەتمەندیەکانی شیعری دیالێکتی کرمانجی خواروو بەنموونەی شیعری باس بکە.
٦- جیاوازی وخاڵی لێکچوونی نێوان ئەدەبی دیالێکتی گۆران و کرمانجی سەروو بخەڕوو.

**٢٠. تێبینی تر: قوتابییان دەتوانن نزیک لە سەرچاوە دیاریکراوەکانی نێو ئەم کۆرس بووکە، لەچوارچێوەی کۆرس بووکەکە دەربچن و بەدواداچوونی زیاتر بکەن بۆ بابەتەکە، هەروەها دەتوانن لەسەرچاوەی ترەوە باس لەو شتانە بکەن کە پەیوەستە بەبابەتەکەوە.**